سودانی: کۆبوونەوەی هەڵبژاردن دەبێت لەسەر بنەمای بەرنامە و پێڕۆژە بێت دوور لە قسەی دووبارەکی

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی،لەمیانی پێشوازیکردنی لە سەرۆک هەز و کەسایەتییە دیارەکانی هەزەکانی ناوچەکانی زوانیە و ئیبوغرب و یوسفیە لە ڕۆژئاوای بەغداد جێختیکردەوە کە کۆبوونەوەی هەڵبژاردن دەبێت لەسەر بنەمای بەرنامە و پێڕۆژە بێت دوور لە قسەی دووبارەکی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە باویکردەوە،سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە یەکشەممە، بە ئامادەبوونی پەرلەمانتاری پێشوو و کاندید بە ئینجومەنی نوێنەران محەمەد خالدی و کەمەک لە کەسانی ئەکادیمی و ڕۆشنبیر، پێشوازی کرد لە سەرۆک هەز و کەسایەتییە دیارەکانی هەزەکانی ناوچەکانی زوانیە و ئیبوغرب و یوسفیە.

وتیشی سودانی جێختی لەسەر ئەوەی هەزەکان لە هەموو جومگە و ڕووداوەکاندا کردەوە، لە هەمووی گرنگتر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرەر کە پەیوەندی بە هیچ گروپ و هەزێکی دیاریکراوەوە نییە، هەروەها ئەوەی لە بەهێزکردنی هاودەنگی گەلی عێراق و پێکوژیان و هاوئاهەنگی و هاوکاری بە پاراستنی سیستەمی سیاسی و پرۆسەی سیاسی و ئەزموونی دیموکراسی.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەکرد کە حکومەت لە یەکەم ڕۆژی کارەکانییەوە دەستیکرد بە دابینکردنی بناغەکانی بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەکان و پشکشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاماژەی بە تەواوکردنی چەندین پڕۆژە و کەمکردنەوەی بێکاری و دابینکردنی زیاتر لە یەک ملیۆن و سێد و پێنجا هەزار هەلی کار بە گەنجان لە کەرتی تایبەتدا کرد، لە هەمان کاتدا دەستبەرکردنی مافە تەواوەکانیان، هاوشێوەی فەرمانبەرانی کەرتی گشتی، لە ڕێگەی یاسای خانەنشینی و بیمەی کۆمەڵایەتییەوە.

ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە:

? حکومەتەکەمان کاری کردووە بە جێبەجێکردنی کەمەڵێک ئەولەویەت لە بەرنامەکەیدا، ئەوانیش دابینکردنی هەلی کار و باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان و بەرەنگاربوونەوەی هەژاری و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی چاکسازییە ئابوورییەکان.

? پشکشکردنی خزمەتگوزاری لە پشینەی کارەکانی حکومەتەکەماندا بووە، جا بە تەواوکردنی پڕۆژەی ڕاگیراو و تەواو نەکراو بێت یان دەستپێکردنی پڕۆژەی نوێ لە هەموو عێراق.

? توانیومانە بەشێوەیەکی بەرچاو هەژاری کەم بکەینەوە و هاوکاری نێختینەیی و بەشخەراک پشکش بە 900 هەزار سودمەند بکەین.

? هەنگاوی سیستماتیکیمان ناوە بە چاکسازی لە ئابووریدا و دیدگا و ئاراستەیەکمان هەیە بە تەواوکردنی جێبەجێکردنی پڕۆژەی چاکسازی و گەشەپێدان.

? ئەمە پڕۆژەی گرنگمان تەواو کردووە، دیارترینیان پڕۆژەی شکاندن بە فاکتەری یاریدەدەر /FCC لە پاڵاوگەی شعیبە لە پارێزگای بەسرە کە گەورەترینە لە ناوچەکە.

? بە یەکەمجار لە مێژووی خێیدا عێراق خێبژەوی لە بەرهەمە نەوتییەکان ڕاگەیاند، کە پێشتر ساڵانە 6 ترلیۆن دینار لەسەر دەوڵەت دەکەوت بە هاوردەکردن.

? ئەمە پێگەیشتوویی و هۆشیاری و کارایی جەماوەریمان هەیە لەگەڵ پێسی سیاسی و پێداویستییەکانی، لە هەمووی گرنگتر هەڵبژاردنی پەرلەمانی داهاتووە.

? بەشداری چالاکانە لە هەڵبژاردنەکان دەبێت هەمووان لەسەری ڕێکبکەون و نابێ پشتگوێ بخرێن، بەو پێیەی مافێکی دەستوورییە و چارەنووسی وڵات بە چوار ساڵی داهاتوو دیاری دەکات.

? هاووڵاتیان هۆشیاری و تێگەیشتنێکی بەرزیان هەیە، و دەتوانن بەیاری خێیان بدەن سەبارەت بەو پرۆژە ڕاستەقینەیەی کە تایبەتە بە خزمەتکردنی وڵات.

? کەسانێک هەن درێ بەاودەکەنەوە بە شۆواندنی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی ڕای گشتی بە ڕەگریکردن لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان.

? کەبەکەی هەڵبژاردن دەبێت لەسەر بنەمای بەرنامە و پرۆژە بێت، دوور لە قسەی دووبارەکی و ناوچەگەری و هاندانی ناتەبایی.

? زەر گرنگە ئەمە بە وردی نوێنەرانی خەمان لە ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێرین، بە تایبەت ئەوانەی پاڵپشتی پرۆژەی بنیاتنانی دەوڵەت دەکەن.

? ئەمە سیاسەتێکی هاوسەنگمان گرتووەتەبەر بە دوورخستنەوەی عەراق لەو شەڕ و ململانێیانەی لە ناوچەکەدا ڕوویاندا و سەرکەوتوو بووین لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیرییەکەی.

? هەوڵستی پرەنسیپی خەمان لەسەر پرسی فەدەراڵستین پاراستووە، لە هەمان کاتدا بەرژەوەندی عەراق و عەراقییەکانمان لە پێشەوە داناوە.